

### چیرۆکی خەیاڵی زانستی

# سێبەر و تیشک

**جاک لەندەن**
**لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان خەیات**

بە ئاوڕدانەوەم بۆ دواوە، دەزانم چ دۆستایەتییەکی سەیر بوو، یەکەمیان (لۆید ئینوود)، کەسێکی باڵا بەرز و قەد باریک و پۆشتە و تووڕە و ڕەنگ ڕەشێکی تۆخ بوو.ئەوی تر (پۆل تیکلۆرن)، ئەویش هەروا باڵا بەرز و باریکەڵە و پۆشتە و دەمارگرژ، لێ قژ زەرد بوو. بێجگە لە ڕەنگیان، هەر یەکەیان کتومت ئەوی تر بوو. چاوەکانی (لۆید) ڕەش بوون، هی (پۆل) شین بوون. لە کاتی هەڵچووندا خوێن لە دەموچاوی (لۆید) ڕێک وەک زەیتوون کەسک هەڵدەگەڕا و هی (پۆل) سوور دەبوو، بەڵام بەدەر لە خوێنیان، وەک دوو دەنکە نۆک وێک دەچوون، هەردووکیان زێدە هەستیار و مەیل بە گرژی و توندوتیژی بوون.

بەڵام کەسی سێیەم لە نێو ئەو دۆستایەتییە ناوازەیەدا هەبوو، سێیەمینەکەش کەسێکی کورتە باڵا و خڕپن و تەنگەستوور و تەمەڵ، حەزیش ناکەم بڵێم من بووم. پێدەچوو (پۆل) و (لۆید) بۆ ڕکابەری یەکتر و منیش بۆ ناوبژێکردنیان لە دایک بووبێن. ئێمە هەرسێکمان بەیەکەوە گەورە بووین. من چەندان جار لە نێوانیان چەپۆکی بە زەبرم بەرکەوتووە. ئەوان هەمیشە کێبڕکێیان دەکرد و ڕەنجی لە ڕادەبەدەریان دەدا بۆ یەکتر بەزاندن.

گیانی ڕکابەرییان لە نێو خوێندن و یارییەکانیاندا بە زەقی دیار بوو. ئەگەر (پۆل) کۆپلەیەک لە شیعری (مارمیۆن)ی (سێر وۆڵتەر سکۆت)ی لەبەر بکردبا، (لۆید) دوو کۆپلەی لەبەر دەکرد، (پۆل) دەیکردە سێ، ئینجا (لۆید) چوار کۆپلەی لەبەر دەکرد، تا وای لێدەهات هەر یەکەیان شیعرەکەیان بە بتوونی ئەزبەر دەکرد. ڕووداوێکم لەبیرە و قەت لە بیرم ناچێ، لە گۆمێکدا ڕووی دا، ڕووداوێک بوو گرینگییەکەی دەکرا بخرێتە نێو قاڵبی تراژیدیاوە، چونکە لە ژیانیاندا لە ئاستی تێکۆشانی دژە یەکتر بوو. ئەو کوڕانە یاری خۆ نقومکردنیان دەکرد بۆ بنی گۆمەکە کە قووڵییەکەی دە پێ دەبوو، هەروەها خۆگرتن بە پنج و گیاکانی نێو بنی گۆمەکە و مانەوە لە ژێر ئاودا بۆ درێژترین ماوە. هەردووکیان ڕێککەوتن بە یەکەوە بۆ ناو ئاوەکە خۆ هەڵبدەن. کە دەموچاویانم بینی ئامادەیی و بڕیاریان پێوە

دیار بوو، سووک نقوم بوونە ناو ئاوەکەوە، من پێشبینی شتێکی مەترسیدارم کرد. کات خێرا تێپەڕی و وردە شەپۆلەکان نەمان و ڕووی ئاوەکە هێور بووەوە و گرفتی نەمـــا، نە ســـەری ڕەش و نە ســـەری زەرد بەدیار نەکەوتنەوە، ئێمە لە سەرەوە نیگەران بووین. ژمارەی پێوانەیی درێژترین هەناسە، سنووری بەزاند و هێشتا نیشانەی هیچ شتێک دیار نەبوو. بڵقی هەوا وردە وردە بە سەر کەوت کە نیشانەی دەرکردنی هەناسەی سییەکانیان بوو، ئینجا بڵقەکان نەمان. چرکەساتەکان تا دەهات درێژ دەبوونەوە، من چیتر بەرگەم نەگرت و خۆم هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

لە بنی گۆمەکەدا دۆزیمنەوە، دەستیان بە توندی بە پنج و گیاکانەوە گرتبوو، سەرەکانیان گەیاندبووە یەکتر و چاویان ئەبڵەق ئاراستەی یەکتر کردبوو. لە تاو ئازار خۆیان بادەدا و گرمۆڵە دەکرد، ئازاری خنکانی خۆویستانە، چونکە هیچ کامیان نەیدەویست دان بە بەزینی خۆیدا بنێت. سەرەتا هەوڵم دا مشتی (پۆل) لە پنجەکە بکەمەوە، زۆر بە توندی بەرگری کرد. لە ئەنجامدا هەناسەبڕ بووم و هاتمەوە سەرێ، بەڵام خراپ تۆقیبووم، بە چاوترووکانێک دۆخەکەم ڕوون کردەوە، شەش حەوتێک لە ئێمە چوونە خوارەوە و بە هەموو هێزیانەوە ڕایانکێشان. لەو کاتەی کە دەرمانهێنان، بووڕابوونەوە. تەنیا دوای غەرۆلکردنەوە و شێلان و لێدانێکی زۆر، ئینجا هاتنەوە هۆش خۆیان. ئەگەر کەس لەوێ نەبوایە بێ گومان ئەو دوو کوڕە، خنکابوون.

(پۆل تیکلۆرن) کە لە کۆلێژ وەرگیرا، وای ڕاگەیاندبوو گوایە دەچێتە زانستە کۆمەڵایەتییەکان. (لۆید ئینوود)یش هەر هەمان بەشی هەڵبژارد، بەڵام (پۆل) بە نهێنی هەمیشە لای خۆی داینابوو زانستە سروشتییەکان بخوێنێ و لە کیمیا پسپۆڕی وەرگرێ؛ بۆیە لە دوا چرکەدا بەشی خوێندنی خۆی گۆڕی، هەرچەندە (لۆید) کاری ساڵانەی خۆی ڕێکخستبوو و لە وانە سەرەتاییەکاندا ئامادە دەبوو، لێ زوو زوو ڕێبازی (پۆل)ی گرتە بەر و ڕووی کردە زانستە سرووشتییەکان، بە تایبەتی کیمیا، هەر زوو ڕکابەرییان لە سەرتاپای زانکۆدا هەست پێ کرا. هەر یەکەیان هاندەرێک بوو بۆ ئەوی تر و پتر لە هەر کەسێکی دی لە کیمیا قووڵ بوونەوە، هێندە قووڵ بوونەوە کە ڕاستییەکەی بەر لەوەی بڕوانامەیان وەرگرن، توانایی ڕکابەرییان لەگەڵ هەر پرۆفیسۆرێکی کیمیا لە (پیرە مۆس) بترازێ کە سەرۆکی بەشەکەیان بوو، لە زانکۆکەیاندا بەدی دەکرا، تەنانەت ئەویشیان سەرسام کردبوو، زیاتر لە جارێک شتیان فێرکردبوو. بە دۆزینەوەی بەکتریای مەرگ (deathbacillus)ی بۆقی دەریا و تاقیکردنەوەکانی لەسەر سیانیدی پۆتاسیۆم، ناوی (لۆید) و ناوی زانکۆکەی لە سەرتاپای جیهاندا دەنگیان دایەوە، (پۆل)یش نەکەوتبووە دواوە کاتێک سەرکەوتنی لە بەرهەمهێنانی کەرەستە تاقیگەرییەکان و نمایشکردنی چالاکییە هاوشێوە ئەمیبیاییەکان وەدەست هێنا، هەروەها کاتێک تیشکی خستە سەر پرۆسەی پیتاندن لە ڕێگای تاقیکردنەوە سەرسوڕهێنەرەکانییەوە بە کلۆریدی سۆدیۆمی سادە و گیراوەکانی مەگنیسیۆم لەسەر شێوازە نزمەکانی ژیانی دەریاییەوە.

هەر چۆنێک بێت، لە ڕۆژانی پێش دەرچوونیان لە زانکۆ، لە میانەی سەرقاڵبوونیان بە نهێنییەکانی کیمیای ئۆرگانییەوە، کە (دۆریس ڤان بێنشۆتێن) چووە نێو ژیانیانەوە. یەکەم جار (لۆید) بە دیداری گەیشت، بەڵام بیست و چوار کاتژمێری نەخایەند (پۆل)یش دڵی ڕوون بوو کە لەگەڵیدا ئاشنا دەبێت.هەڵبەتە خۆشەویستییان لەگەڵدا کرد و بوو بە تاکە شتێک شایستەی ژیانیان بێ. بە هەمان پلەی گەرموگوڕی و جۆشوخرۆش بۆی بە پەرۆش بوون و دەپاڕانەوە و نزا و تکایان بۆی بێ پایان بوو، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی قوتابیان شێتگیرانە گرەویان لەسەر ئەنجامی ڕکابەرییەکەیان دەکرد، تەنانەت ڕۆژێک (پیرە مۆس)، لە دوای نمایشێکی سەرسوڕهێنەر کە (پۆل) لە تاقیگە تایبەتییەکەی ئەو جێبەجێی کرد، لەبەر پاڵپشتیکردنی (پۆل) بۆ بە هاوسەربوونی (دۆریس ڤان بێنشۆتێن) بە بڕی مووچەی یەک مانگ سزا درا.

لە دواییدا (دۆریس) کێشەی خۆشەویستی بە ڕێگای تایبەتی خۆی بە ڕەزامەندی هەموو لایەک چارەسەر کرد، بێجگە لە (پۆل) و (لۆید)، لە نێوان هەردووکیاندا، خۆی گوتەنی ئەستەم بوو یەکێکیان هەڵبژێرێ، لە بەدبەختیش هەردووکیانی بە یەکسانی خۆشدەویست و لەبەر ئەوەی فرەمێردایەتی لە ئەمەریکا یاساخ بوو، ناچار بوو لە شانازی و بەختەوەریی مێردکردن بە هەردووکیان دوور بکەوێتەوە، ئیتر هەر یەکەیان سەرزەنشتی ئەوی تری دەکرد بۆ ئەو ئەنجامە ناڵەبارە و گرژی و توندی نێوانیان تا دەهات پەرەی دەسەند.

کێشەکە زوو گەیشتە لووتکە، لە ماڵی مندا بوو،

دوای ئەوەی بڕوانامـەی خـۆیان وەرگـرت و لەبەر چاوی جیهان ون بوون، سەرەتای کۆتایی تێپەڕی. هەردووکیان بوون بە پیـاوی ئامـراز، نەک ئامـانج. بوون بە خـاوەن دەرامەت و دەستکەوتی خۆیان، بۆیە مەیلی پیشەییان کەم بووەوە و پێویستیان پێ نەما. دۆستایەتی من و ڕق و کینەی نێـوانیـان بە هەر شـێـوەیەک بووبێ بە یەکـتری بەسـتـبـووەوە. لەو کـاتەی کـە لای من دەبوون، ناز و نووزیان بەرانبـەر یەکـتـری وای لێ دەکـردن لەو جـۆرە سـەردانانەیان دوور بکەونەوە، هەرچەندە بارودۆخی تایبەتی خۆیان ناچاری دەکردن ناوبەناو بێنەوە لام.

تا ئـەو ڕۆژەی لە یادم بێ، (پۆل تـیکلـۆرن) تەواوی بەیانییـەکـەی لە ژووری خـوێندنەوەم بە دواژمـارەی گۆڤارێکی زانستی بەسەربرد، وای کرد منیش سەرقاڵی کـاری خـۆم بم. کـاتێک کە (لۆید ئینوود) هات، من لە دەرەوە لە نێـو گـوڵەکـانم بووم. ئیـدی بە قـرتاندن و پەلوپۆکردن و چەسپـاندنی ڕووەکە پێـهەڵگەڕەکان و بە دەمی پڕ بزمـارەوە، (لۆید)یش لەوێ بۆ وێ بە دوامـەوە بوو بۆ ناوەناوە یارمـەتیـدانم، کـەوتینە دەمـەتەقێ دەربارەی نەژادی ئەفسانەیی خەڵکی نەبینراو و خەڵکی نامۆ و گەڕۆک کە سەرچاوەی ئەو کولتوورەن کە بۆمان ماوەتەوە. (لۆید)یش لەبەر دەمارگرژی و سەرشێتی خۆی تا دەهات بۆ بابەتەکە گەرمتر دەبوو.

بە تاو کـەوتە نێـو پرسـیـار و لێکۆڵـینەوەی ئاکـارە جەستـەییەکان و ئەگەرە نەبینراوەکانی. دووپاتیشی دەکـردەوە تەنێ ڕەنگ ڕەشی تەواو دەشێ لەبەر چاواندا نەمێنێ و بەرەنگاری تیژترین چاو ببێتەوە.

دەیگوت: "ڕەنگ هەست بزوێنە و ڕاستییـەکی بابەتی نییە. ئەگەر ڕووناکی نەبێ، نە ڕەنگ دەبینین و نە خودی تەنەکـان. هەمـوو تەنێک لە تاریکیـدا ڕەشن و لە تاریکیدا مـەحاڵە ببینرێن. ئەگەر ڕووناکی نەخرێتە سەریانەوە، تیشکدانەوەیان نابێت بۆ چاو، کەواتە ئێمە بەڵگەی بینینمان نابێ بۆ هەبوونیان."

منیش ڕەخنەم گرت و گوتم: "بەڵام ئێمە تەنی ڕەش بە ڕۆژ دەبینین." بە گـەرمی وەڵامی دامـەوە و گـوتی: "زۆر ڕاستە، ئەوەیش لەبەر ئەوەی بە تەواوی ڕەش نین. ئەگەر بە تەواوی ڕەش بن ناتوانین بیـانبـینین، بەڵێ، ئەگەر لە ژێر بڵێـسەی هەزار خۆریشدا بن نابینرێن، بۆیە دەڵێم ئەگـەر چەند ڕەنگێکی تەواو و بە ڕاسـتـودروسـتـی ئاوێتـەکـراو بن، ئەوە ڕەنگێکی ڕەشی ڕەهای لێ دێتـە کـایەوە بەو ڕادەیەی نەهێـڵێ هیچ تەنێک ببـینرێت، تەنانەت ئەگەر بخرێتە ژێر هەر تیشکێکەوە."

"دۆزینەوەیەکی گرینگ دەبێ." بە نیـمـچە گومـانەوە گـوتم، چونکە کـارەکـە پێـدەچوو یەکـجـار خەیاڵی بێ، مـەگـەر هەندێک مـەبەسـتی هەبوونی ڕاست و چەوتی، واتە خەملێنراوی لەخۆ گرتبێ.

(لۆید) شـاپێکی لە شـانی دام و گـوتی " گـرینگ! منیش دەبێ وا بڵێم. ئەی چۆن پیرە؟ خۆم بە ڕەنگێکی وا دادەپۆشم جـیـهـان دەخـەمـە ژێر پێی خـۆمـەوە. نهێنییەکانی شایەکان و کۆشکەکانیان دەبنە هی خۆم، فـڕوفـێـڵی دیپلۆمـاتکاران و سـیـاسـەتکاران و یاری جامبازان و پلانی متمانە و سپاردە و دامودەزگاکان هەر هەمـوویان لە ژێر دەسـەڵاتی مندا دەبن. دەتوانم دەسـتم بەسەر ڕوحی شتاندا بگرم و ببم بە گەورەترین دەسەڵات لە جیـهـاندا، هەروەها من "کەمـێک ڕاوەسـتا، ئینجا بەردەوام بوو: "من تاقیکردنەوەکانم دەست پێ کردووە و لام گرینگ نییە پێت بڵێم من ڕاستم."

پێکەنینێک لای دەرگـاکـەوە ڕایچڵـەکـاندین. (پۆل تیکلۆرن) لەوێ ڕاوەسـتابوو، خەندەیەکی گاڵتەئامێزی لەسـەر لێـوان بوو و گـوتی: "ئازیزم (لۆید)، بیـرت لێ نەکردووەتەوە."

"بیرم لە چی نەکردووەتەوە؟"

"بیرت لێ نەکردووەتەوە.. ئا، سێبەر لە بیرت نییە."

(لۆید) ڕوخسـاری دابەزی، بەڵام بە گاڵتـەجـاڕییـەوە وەڵامی دایەوە: "ئێ خـۆ دەتوانم چەترێک بە دەسـتـەوە بگرم."، ئینجا ئاوڕێکی لێدایەوە و گوتی: "(پۆل) سەیر کـە، ئەوە نابێـتـە کـێـشـەیەک ئەگـەر بزانی چی باشـە بیکەی."

خـەریک بوو نێـوانیـان بپـچـڕێت، بەڵام (پۆل) بە دڵپـاکـییـەوە پێکەنی و گـوتی: "من ئەنگوسـتـەکـانم هەرگـیز ناخـەمە سەر بۆیاغە پیسـەکـانت. تۆ ڕاسـتە لە گەشبینییەکانت سەرکەوتووی، بەڵام هەمیشە کێشەت لەگەڵ سێبـەر دەبێ و لێی ڕزگارت نابێ. من ئێستا زۆر بە پێـچـەوانەی ئەو ئاراسـتـەیە دەڕۆم. لە نێـو کـرۆکی بۆچوونەکەمدا، سێبەر لادەدرێت.."

(لۆید) دەستبەجێ گوتی: "ڕۆشنایی (شەفافییەت)! بەڵام ئەنجام نادرێت."

(پۆل) شـانەکـانی هەڵـتـەکـاند و شـۆڕ بووەوە بۆ نێـو ڕێڕەوی گوڵان و گوتی: "نا، بێ گومان نا."

ئەوە سـەرەتاکـەی بوو، هەردووکـیـان بە هەمـوو توانایـیـانەوە کـە پێی ناسـرابوون، بە کین و دژوارییـەوە

کەوتنە گژکێشەکەوە کە لە ناخەوە هەژاندمی، ئەوە بە مەبەستی وەدەستهێنانی سەرکەوتن بوو. هەر یەکیان ئەوپەڕی متمانەی پێم هەبوو، لە دوا هەفتەکانی تاقیکردنەوەکانیاندا کرام بە بەشێک لە نێوان هەردووکیانەوە.گوێم لە تیورەکانیان دەگرت و نمایشەکانم دەبینی، هەرگیز نە بە وشە و نە بە نیشانە بە قەد سەرەداوێک ئاماژەم بە پێشکەوتنی هیچ کامەیان بۆ ئەوی تر نەدەکرد. بۆیە لەبەر قپ بوونم ڕێزیان لێ دەگرتم.

(لۆید ئینوود) دوای ئەو سەرقاڵبوونە سەخت و دوورودرێژەی کە کارێکی بەرگە نەگری کردبووە سەر مێشک و جەستەی، ڕێگایەکی سەیری بۆ ئاسوودە بوونی هەبوو. لە پاڵەوانییەتییەکانی بۆکسێن (مشتەکۆڵە)دا ئامادە دەبوو. لە یەکێک لەو نمایشانەدا بوو منی دەرهێنا و بۆ لای خۆی بردم بۆ ئەوەی دواترین ئەنجامەکانیم پێ ڕابگەیەنێت کە تیورەکەی پاڵپشتییەکی سەرسوڕهێنەری وەدەست هێناوە، ئینجا دەستی بۆ ئەوبەر بازنەکە درێژ کرد، بۆ پێنجەمین ڕیزی کورسییەکان و پرسیاری لێ کردم: " ئەو پیاوە ڕیش سوورەی ئەوێ دەبینی؟ هەروەها پیاوە شەپقە سپییەی لە تەنیشتییەوەیە دەبینی؟ دە باشە، بۆشاییەکی تەواو لەنێوانیان هەیە، وا نییە؟

منیش وتم: " بێ گومان، کورسییەکی بەتاڵ لە نێوانیاندا هەیە."

چەمایەوە سەرم و بە گەرمی دەستی بە قسان کرد و گوتی: "لەنێوان ڕیش سوورەکە و شەپقە سپییەکە، (بێن واسن) دانیشتووە. بۆتم باس کردووە زیرەکترین یاریکەری بۆکسێنە لە کێشی خۆی لە وڵاتدا، هەروەها ڕەشپێستێکی کاریبی ڕەسەنە و ڕەشترینە لە ئەمەریکا.پاڵتۆیەکی ڕەشی تا خوارەوە دوگمە داخراوی لەبەرە. کە هاتە ژوورەوە و لەسەر کورسییەکە دانیشت من بینیم، لە یەکەم چرکەی دانیشتنییەوە بزر بوو، باش سەرنجی بدە، پێدەچێ زەردەخەنە گرتبێتی."

من بە نیازی پەڕینەوە بووم بۆ لێکۆڵینەوە لە قسەکانی، بەڵام ڕایگرتم و گوتی "بوەستە".

ڕاوەستام و سەرنجم ڕاگرت تا پیاوە ڕیش سوورەکە سەری خۆی سووڕاندەوە، وەک بڵێی لەگەڵ کورسییە بەتاڵەکە بدوێ ؛ ئینجا لەسەر ئەو کورسییە بەتاڵەدا دوو چاوی سپیم بینی دەخولانەوە، هەروەها جووتە هیلالێکی سپی ددانم دیت و یەکسەر ڕوخساری ڕەش پێستێکم بۆ دەرکەوت، بەڵام بە نەمانی زەردەخەنەکە، دیار نەما و کورسییەکەیش وەک پێشان بەتاڵ خۆی پێشان دا.

"ئەگەر بە تەواوی ڕەش بوایە و لە تەنیشتی دانیشتبای، نەتدەبینی." دانی پێدا دەنێم وێنەکە تەواو شیاو بوو بۆ نزیکبوونەوەم لەوەی بڕوای پێ بکەم.

دوای ئەوە، چەند جارێک سەردانی تاقیگەی (لۆید)م کرد، دیتم هەمیشە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ڕەنگی ڕەشی ڕەها بوو. تاقیکردنەوەکانی سەرتاپای جۆری بۆیەکانی لەخۆی گرتبوون، وەک تەنی دووکەڵی چرا و قیر و ماددە سەوزەواتە بە خەڵووزکراوەکان و هیسی نەوت و ڕۆن و ماددە ئاژەڵییە بە خەڵووزکراوەکان. لە وتووێژماندا پێی گوتم: " ڕووناکی سپی لە حەوت ڕەنگە بنەڕەتییەکان پێکدێت، بەڵام ئەو خودی خۆی نابینرێت، تەنەکان تەنیا بە تیشکدانەوە دەبینرێن. وەلێ تەنیا ئەو بەشەی تیشکدەداتەوە دەبینرێت. بۆ نموونە ئا ئەوە قوتوویەکی شینی تووتنە. ڕووناکی سپی دەکەوێتە سەری، گشت پێکهاتەکان: وەنەوشەیی و نیلی و کەسک و زەرد و نارنجی و سوور، بێجگە لە شین، دەمژرێن. ڕەنگی شین نامژرێت، بەڵکو تیشکدانەوەی دەبێت، کەواتە قوتووە تووتن کە هەستێکی شینیمان پێ دەبەخشێ، ڕەنگەکانی تر نابینین، چونکە دەمژرێن. تەنیا شینەکە دەبینین، لەبەر هەمان هۆکار گیا ڕەنگی کەسکە، شەپۆلە کەسکەکانی نێو ڕووناکیی سپی دەخرێتە سەر چاومانەوە."

جارێکیش گوتی: " ئێمە کە خانووەکانمان بۆیاغ دەکەین، هیچ ڕەنگێک بەکار ناهێنین. ئەوەی دەیکەین تەنیا چەند کەرەستەیەکی تایبەتییان بۆ بەکار دەهێنین کە خاسیەتی مژینی هەموو ڕەنگەکانی نێو ڕووناکی سپییان هەیە، بێجگە لەو ڕەنگانەی دەمانەوێ بیدەینە خانووەکانمان، کە ماددەیەک تێکڕای ڕەنگەکان دەداتەوە چاومان، لامان سپی دیار دەبێ، بەڵام وەک پێشتر وتم هێشتا ڕەشی وا ڕەهامان نییە. هەموو ڕەنگێک نامژرێت. ڕەشی تەواو ئەگەر لە ڕووناکی بەهێز ڕزگار بێت، بە هیچ شێوەیەک نابینرێت، واتە دەبێتە نادیاریی ڕەهاinvisible absolutely». بۆ نموونە سەیری ئەو شتەی ئەوێ بکە."

ئاماژەی بۆ ئەو پلێتەی وێنەکێش کرد کە لەسەر مێزەکەیدا بوو، چەندان جۆرە سێبەر و ئاسەواری بۆیاغی ڕەش لەسەریدا سڕابووەوە، بە تایبەتی یەکێکیان، نەمتوانی ببینم. هەستێکی لێڵی بە چاوەکانم دا و منیش دەستم بە خوراندنیان کرد و دووبارە سەیرم کردەوە.

ئینجا وورووژێنەرانە گوتی: "ئەو ڕەنگە ڕەشترین ڕەشە،

تۆ، یان هەر مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە سەیری کردبێت، بەڵام تەنیا بوەستە، من ڕەشێکم هەیە، هێندە ڕەشە هیچ مرۆڤێک ناتوانێ سەیری بکات و ببینێ!"

لەلایەکی ترەوە، من زۆر جار (پۆل تیکلۆرن)م دەبینی سەرقاڵی کاری لێکۆڵینەوە بوو لەبارەی جەمسەرگیری (استقطاب) ڕووناکی و ڕێ گۆڕی (انحراف) و بەناویەکدا بردن و شکاندنەوە (انکسار)ی تاکی و دووانەیی و گشت شێوازە ناوازەکانی ئاوێتە ئۆرگانییەکانەوە.

"ڕۆشنایی (شەفافیەت) ئەو دۆخەیە، یان ئەو جۆرە جەستەیەیە کە ڕێگا بە هەموو تیشکەکانی ڕووناکی دەدات بە ناویدا تێپەڕن. "بەو شێوەیە (شەفافیەت)ی بۆ پێناسە کردم." هەر ئەوەشە بە دوایدا دەگەڕێم. (لۆید) بە گەمژەیی هەڵەی گەورە دەکات دەربارەی سێبەر، بەڵام من لێی دەرباز دەبم. تەنی ڕۆشن سێبەری نابێ و تیشکدانەوەی شەپۆلی ڕووناکیشی نییە، واتە ڕۆشنایی تەواو ئەو شتانە (واتە سێبەر و تیشکدانەوە) ئەنجام نادات، بۆیە بە دووربوونەوە لە ڕووناکی بەهێز، تەنی لەم جۆرە (واتە ڕۆشن) نەک تەنیا سێبەری نابێت، بەڵکو ناشبینرێت، چونکە تیشکدانەوەی نییە."

جارێکی تر پێکەوە ڕاوەستابووین، (پۆل) سەرقاڵی سرینەوەی چەند شووشەیەکی دووربینێ (لیتر) بوو کە لەسەر ڕەفەی پەنجەرە ڕیز کرابوون. لەناکاو، دوای وەستانێک لە گفتوگۆ، گوتی: "ئەها، شووشەیەکم بەرداوە. هاوڕێ، سەری خۆتی بۆ شۆڕ کەوە، بزانە کەوتووەتە کوێ." سەری خۆم بەتاو ڕەپێش کرد، بەڵام زرمەیەکی وا لە تەوێڵمەوە هات سڵم کردەوە. دەستم بەسەر ناوچەوانە شین و مۆر هەڵگەڕاوەکەمدا هێنا و سەرزەنشتکارانە سەیری (پۆل)م کرد

ئەویش منداڵانە قاقا پێکەنی و گوتی: "ئێ؟" منیش وەڵامم دایەوە: "ئێ؟" ئینجا داوای کرد: "بۆ پشکنینەکە ناکەیت؟" منیش کردم.

بەر لەوەی سەرم ڕەپێش بکەم، هەستەکانم خودکارانە و چالاکانە پێیان گوتم هیچ شتێک لەوێدا نییە و هیچ شتێک نەکەوتووەتە نێوان من و دیوی دەرەوە و ئەو بۆشاییەی پەنجەرە کراوەکە هیچی تێدا نییە. دەستم درێژ کرد و هەستم بە شتێکی ڕەق و لووس و سارد و تەختەیی کرد. ئەو دەست پێ کەوتنەش، بەدەر لە شارەزاییم، پێی گوتم شووشەیە. دووبارە سەیرم کردەوە، بەڵام هەمدیسان هیچم نەبینی.

(پۆل) وشەکانی خۆی یەک لە دوای یەک هەڵڕشت و گوتی: "زیخی کوارتز و کاربۆناتی سۆدیۆم و هایدرۆکسیدی کالسیۆم $Ca(OH)2$ و وردە شووشەی هەمەجۆری ڕەنگاوڕەنگ و پیرۆکسایدی مەنگەنیس، ئەوەیە سافترین جامی شووشەی فەڕەنسی لە بەرهەمی کۆمپانیای (ست گۆبەین)، کە سافترین جامە لە جیهاندا، بە تایبەتی ئەوەیان کە تا ئێستا دروستیان کردبێ. تێچووەکەی بەقەد سەرانەی ڕزگارکردنی شایەک بوو، بەڵام سەیری بکە! نایبینی. تۆ درکی پێناکەی کە لەوێیە هەتا شارەزای نەبی.

ها پیرە هاوڕێ! ئەوە تەنیا وانەیەک بوو لە تەنەکان، چەند ڕەگەزێکن، خودی خۆیان تەڵخن، بەڵام بە شێوەیەک ئاوێتە کراون کە شتێکی ڕۆشنیان لێ بێتە کایەوە، کەچی تۆش دەڵێی ئەوە بابەتێکی کیمیایی نائۆرگانییە. زۆر ڕاستە، لێ من دووپاتی دەکەمەوە کە دەتوانم لە نێو نائۆرگانیکدا هەر چی دەبێ کۆپی بکەم بۆ نێو ئۆرگانیکەوە." ئینجا گوتی: "ئەها!". لوولە شووشەکەی تاقیگەی بەرز کردەوە بۆ نێوان من و ڕووناکی و منیش سەیری شلە تەمومژاوییەکەی، یان قوڕاوییەکەی ناوەوەم کرد. کە بەتاڵی نێو لوولەیەکی تری کرد، دەستبەجێ ڕوون بووەوە و بریسکایەوە و گوتی: " یانیش ئەها! " بە خێرا و بە دڵەڕاوکێوە لە نێوان کۆمەڵە لوولە ڕیزکراوەکاندا گیراوەیەکی سپی بۆ ڕەنگی سووری مەی گۆڕی و گیراوەیەکی زەردی کاڵ بۆ قاوەییەکی تاریک. دواجار پارچە کاغەزێکی گوڵەبەڕۆژەی خستە نێو ترشێکەوە و کاتێک کە بۆ سوور گۆڕا، خستییە سەر تفتێکەوە، یەکسەر بۆ شین گۆڕا.

ئینجا وەک وانەبێژێک ڕوونی کردەوە و گوتی: "کاغەزەکەی گوڵەبەڕۆژە هەر وەک خۆیەتی، نەمگۆڕیوە بۆ شتێکی تر. ئەی کەواتە من چیم کرد؟ من تەنیا ڕێکخستنی گەردەکانم گۆڕی. کە یەکەم جار گشت ڕەنگەکانی نێو ڕووناکی مژی، جگە لە سوور، پێکهاتەی گەردەکان بە ڕادەیەک گۆڕابوو، کە سوور و گشت ڕەنگەکانی تری مژی، بێجگە لە شین، ئینجا هەر ئاوەها دەبێ تا هەتا. ئێستا من ئەوەی مەبەستمە بیکەم ئەوەیە" دەمێک ڕاوەستا و دوایی گوتی: "مەبەستمە بە دوای کەرەستە دەرخەرە شیاوەکاندا بگەڕێم و بیاندۆزمەوە. ئەوانە بە کارکردنیان لەسەر ئۆرگانیزمی زیندوو، گۆڕانکاری گەردی هاوشێوەی ئەوانەی کە خۆت بینیت دێنە ئەنجام، بەڵام ئەو دەرخەرانەی کە دەیاندۆزمەوە و

ئەو بابەتەی بۆی سەرقالّم، جەستەی زیندوو بۆ شین، یان سوور، یان ڕەش ناگۆڕن، بەڵکو ڕۆشنی دەکات. سەرتاپای ڕووناکی بە ناویدا ڕەت دەبێ. خۆیشی نابینرێت و سێبەریشی نابێت."

دوای چەند هەفتەیەک لەگەڵ (پۆل) چووین بۆ ڕاو. بەڵێنی پێ دابووم ماوەی تەواوم بداتێ تا بتوانم سەگێکی باش ڕاو بکەم، جوانترین سەگ بێ. بە بەردەوامیش بەڵێنەکەی دووپات دەکردەوە تا وای لێهات زۆر بە پەرۆشی کردم، بەڵام بەیانییەکەی، بێ ئومێد بووم، چونکە هیچ سەگێکمان نەکەوتە بەرچاو. (پۆل) بە بێ باکییەوە گوتی: " چاوی لێ مەگێڕە." بە ناو کێڵگەکاندا ڕۆیشتین.

لەو ئانوساتەدا نەمزانی چیم بوو، بەڵام هەستم کرد تەواو نەساغم. تەواوی دەمارەکانم شێوان، تا ڕادەیەک هەستەکانم بێ ئەندازە وروژان و شپرزە بوون. هەندێک دەنگی سەیر هەراسانی کردم. جار بەجار گوێم لە خشەخشی ئەو گیایە دەبوو کە لادرابووەوە لایەکەوە و جارێکیش گوێم لە تەپەتەپی پێیان بوو، لەسەر پارچە بەردەلانێکەوە بەرگوێ دەکەوتن.

جارێک پرسیارم لێ کرد: "ئەرێ، گوێت لە هیچ شتێک بوو؟"، بەڵام سەری خۆی لەقاند و هەر دەڕۆیشت. لەو دەمەی کە بەسەر پەرژینێکدا هەڵگەڕاین، گوێم لە وەڕینی سەگێک بوو تەنیا دوو پێ لە من دوور بوو ؛ بەڵام کە سەیری دەوروبەری خۆم کرد، هیچم نەدیت.

بە شەلی و بە لەرزینەوە کەوتمە سەر زەوی و گوتم: "(پۆل)، پێم باشە بگەڕێینەوە ماڵەوە. دەترسم نەخۆش بکەوم. لە وەڵامدا گوتی: "قسەی قۆڕ مەکە پیرە. ئەوە تیشکی خۆرە وەک مەی چووەتە نێو مێشکتەوە، هیچ نییە، چاک دەبیتەوە. "کەشوهەوایەکە" زۆر باشە."

هەر چۆنێک بێت، کە بە ڕێڕەوی درەختێکی چڕەوە ڕەت دەبووین، پێیەکانم لە شتێک گیر بوون و هەرزەلین و منیش خەریک بوو بکەومە خوارەوە. بە شپرزەییەوە سەیری (پۆل)م کرد. گوتی: "چی بوو؟ پێیەکانت هەرزەلین؟"

لە تاوان زمانم خستە نێوان ددانەکانمەوە و تەکانم دا و بە شەلەشەل لە ڕۆیشتن بەردەوام بووم، هەرچەندە زۆریش شڵەژام و بە تەواوی دڵنیا بووم نەخۆشییەکی دژوار و ئاڵۆز تووشی دەمارەکانم هاتبێ. تا ئێستا چاوەکانم بێ هێز بوون، بەڵام کە دووبارە گەیشتینە کێڵگەکان، بیناییم گەڕایەوە. چەند بریسکەیەکی سەیر و فرەڕەنگ و ڕووناکی پەلکەزێڕینە لەسەر ڕێڕەوەکەی پێشم دەرکەوتن و بزر بوون، کەچی توانیم دان بە خۆمدا بگرم تا ڕووناکییە فرەڕەنگەکان لە یاریدا بەردەوامبوون بۆ ماوەی بیست چرکەیەک بە سووڕان و بە بریسکانەوە، ئینجا لەبەر لەرز و بێ هێزبوون ناچار دانیشتم.

بە هەناسەبڕکێوە گوتم: "ئیدی من تەواو بووم." و بە دەست چاوم داپۆشی و گوتم: " لە چاوی داوم. (پۆل)، ببەوە ماڵەوە." بەڵام (پۆل) قاقا پێکەنی و گوتی: " من چیم پێ گوتی؟ سەیرترین سەگ، ها؟ ئەوجا، ڕات چییە؟"

نیمچە وەرگێڕانێک ڕووی لێم وەرگێڕا و دەستی بە فیکە لێدان کرد. بە ئاشکرا گوێم لە دەنگی پێی ئاژەڵێکی هەناسەبڕاوی تووڕە و وەڕینی سەگێک بوو، ئینجا (پۆل) خۆی دانەواندەوە و دەستی خۆی بە سەرمدا هێنا و گوتی: " ئادەی مستی خۆت بدە دەستم!" و دەستمی بە لمووزی ساردی سەگێکدا هێنا. ئەو سەگە بێ سێ و دوو بە شێوە و تووک لووسییەکەی، سەگی ڕاوکردن بوو.

بەسە بڵێم، زۆر بە خێرایی ورە و دەسەڵاتم بۆ گەڕایەوە. (پۆل) ئەڵقەی قایشی (قەرێتە) لە مل ئاژەڵەکە کرد و دەستەسڕەکەی خۆی بە کلکەکەیەوە بەست، ئینجا دیمەنێکی سەیری ئەڵقە قایشێکی بەتاڵ و دەستەسڕێک لە نێو کێڵگەکەدا دەشەکایەوە و هەڵدەبەزی. شتێک بوون نیشانەیان ئاراستەی پۆلێکی باڵندەی سوێسکەیان دەکرد لە نێو کۆمەڵێک دەغڵ و داندا. لە کاتێکدا جووڵەیان نەما و ڕاوەستان تا ئێمە باڵندەکانمان دەرهێنا.

جاربەجار سەگەکە تیشکە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەدایەوە کە باسم لێوە کرد. (پۆل) ڕوونی کردەوە ئەو شتەی کە پێشبینی نەکردبوو و گومانی لێی هەبوو، دەکرا چارە بکرابا. گوتی: " ئەوانە خێزانێکی گەورەن. ئەو نیمچە پەلکەزێڕینانە و خەرمانەی مانگ، یان خۆر و چەوتبینی، ئەوانە بە شکاندنەوەی (انکسار) ڕووناکی لە کریستاڵی کانزایی و کریستاڵی سەهۆڵ و لە تەمومژ و لە باران و پرژان... تاد. دێنە ئەنجام و دەترسم ئەوانە باجێک بن پێویستە لە پێناو ڕۆشنایی(شەفافیەت) بیدەم. من خۆم لە سێبەری (لۆید) دوور خستەوە، تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیشکەکانی پەلکەزێڕینە."

دوای دوو ڕۆژ، لە پێش دەروازەی تاقیگەی (پۆل)،

بۆنێکی بۆگەنی دژوارم بۆ هات. هێندە دژوار بوو کە ئاسان بوو سەرچاوەکەی بدۆزرێتەوە، بارستاییەک لە ماددەیەکی بۆگەن لەسەر پێبلیکانەی بەردەرگا کەوتبوو کە گومان بۆ لاشەی سەگێک دەچوو.

(پۆل) کە لە دۆزینەوەکەمی کۆڵیبیەوە، ڕاچڵەکا. سەگە نەبینراوەکەی بوو، یان ئەو سەگەی پێشتر نەبینرابوو، ئێستا بە ڕوونی دەبینرێ. پێشتر یاری دەکرد و هەڵدەپەڕی و بەر لە چەند خولەکێک لەوپەڕی بەهێزی و تەندروستیدا بوو. پشکنینی وردتر دەریخست کەللەی سەری بەر زەبرێکی کوشندە کەوتبوو. لە کاتێکدا کە سەیر بوو ئاژەڵەکە کوژرابێ، ڕێی تێ نەدەچوو بە خێرایی بۆگەن بووبێ.

(پۆل) ڕوونی کردەوە و گوتی: " ئەو دەرخەرانەی (کاشفە) خستبوومنە نێو لەشی، ئازاربەخش نەبوون، بەڵام بەهێز بوون، وا دیارە کە مەرگ دێت، ئەوانە بە کردار و بە کتوپڕی دەبنە هۆی ڕزین و بۆگەن بوون. سەیرە! زۆریش سەیرە! دەی، گرینگ ئەوەیە نەمرێت. دەرخەرەکان، تا گیان لە جەستەدا مابێ، هێندە ئازاربەخش نابن، بەڵام سەرم سوڕماوە لەوەی کێ سەری ئەو سەگەی وا پان کردووەتەوە."

بە هەر حاڵ ئەو نهێنییە ڕوون بووەوە، دوای ئەوەی کە کارەکەرێکی تۆقیو ڕایگەیاند کە (گاڤەر بێدشۆ) لە هەمان بەیانیدا، تەنیا ساتێک لە دوای ئەو ڕووداوەوە زۆر خراپ شێت بووبوو و لە ماڵەوە، لە نێو خانووچکەی ڕاوکەرەکەدا، بە قایشێک بەسترابووەوە، لەو شوێنەی کە بە تووڕەیییەوە باسی لە شەڕێک کرد کە تووشی هاتبوو لەگەڵ دڕندەیەکی زەبەللاح لە نێو لەوەڕگای (تیکلۆرن)دا. بە قسەی خۆی گوایە شتەکە، هەر چییەک بێ، نەبینرا، یان بە چاوەکانی ئەو نەدەبینرا، ژن و کچە چاو بە فرمێسکەکانیشی سەریان لەقاندووە وەک پاڵپشتییەک بۆ قسەکانی، بۆیە هەڵچووانەتر قسەکانی خۆی نەبڕییەوە و باخەوان و عەرەبانچی قایشەکەیان بە کونێکی دیکەوە بەستەوە.

لەو دەمەی کە (پۆل تیکلۆرن) وا بە سەرکەوتوویی بەسەر کێشەی (نەبینراوییەوە) زاڵ دەبوو، (لۆید)یش زۆر پاش نەکەوتبوو. وەڵامی نامەیەکیم دایەوە کە بچم ڕادەی پێشکەوتنەکەی ببینم. ئێستا تاقیگەکەی ناوچەیەکی لە ناوەڕاستی ئەو هەموو زەویوزارەوە داگیر کردووە. کە لە نێو ڕووبەرێکی قشتیلانە دروست کراوە و بە دارستانێکی چڕ دەور دراوە و ڕێگایەکی پێچاوپێچ و بێ سەروبەری بۆ دەچێ، بەڵام من هێندە بەو ڕێگایەدا سەفەرم کردبوو کە بست بە بست دەمناسییەوە، بەڵام سەرم سوڕما کە بۆ ئەو شوێنە هاتم و تاقیگەکەم نەبینی. کەپرە جوانەکە و دووکەڵکێشە بەردینە سوورەکە لەوێ نەبوو و وەک بڵێی هەرگیز بوونی نەبووە، نە ئاسەواری کاولگە و نە هیچ شتێکی تێدا نەبوو.

ئیتر بە نێو ئاسەوارەکەیدا ڕۆیشتم. لە دڵی خۆمدا گوتم: "دەبێ ئێرە ئەو پلیکانە بێ کە بۆ دەرگاکە بەسەر دەکەوت." بە سەد حاڵ وشەکانم پێ تەواو کرا لەبەر ئەوەی پێیەکانم بەر کۆسپێک کەوتن و بۆ پێشەوە بەرەوژێر بوومەوە و سەری خۆم خراپ لە شتێک دا کە بە مەزندەی خۆم دەرگا بوو. دەستی خۆم درێژ کرد، دەرگا بوو، دەسکەکەیم دۆزییەوە و بامداو یەکسەر بۆ ژوورەوە کرایەوە، هەموو ناوەوەی تاقیگەکە کاری لە بیناییم کرد. دوای سڵاو کردن لە (لۆید)، دەرگاکەم داخست و چەند هەنگاوێک بۆ ڕێڕەوەکە کشامەوە و دەستبەجێ هەموو کەلوپەل و ناوەوە دیار بوو. بەڕاستی ڕاچڵەکێن بوو، وەرچەرخانێکی کتوپڕ بوو لە بەتاڵییەوە بۆ ڕووناکی و شێوە و ڕەنگ.

(لۆید) دەستی گوشیم و پرسیاری کرد: "ها، چی دەربارەی ئەو شتە دەڵێی؟ من دوێنێ دوای نیوەڕۆ دوو بۆیاغی ڕەشی تەواوم لە دەرەوە پەرتوبڵاو کردەوە بۆ ئەوەی بزانم چییان لێ دێت. تۆ ئێستا سەرت چۆنە؟ پێم وایە قۆچێکی خراپت وەشاند."

ئینجا پیرۆزباییم لێ کرد، بەڵام بڕییەوە و گوتی: "ئەوە گرینگ نییە، شتێکی باشترم هەیە بیکەی."

لە میانەی قسەکردنیدا، جلەکانی داکەند و بەرانبەرم ڕاوەستا و قوتوویەک و فلچەیەکی دایە دەستم و گوتی: "ها بگرە، بەوە لەشم بۆیاغ بکە." ماددەیەکی چەوری وەک وارنیش بوو کە زۆر بە خێرایی و بە ئاسانی بەسەر پێستییەوە پەرت بووەوە و دەستبەجێ وشک بووەوە.

کە تەواو بووم، ڕوونی کردەوە و گوتی: "ئەوە تەنیا کارێکی سەرەتایی و هۆشیارکردنەوەیە، بەڵام ئێستا با بێینە سەر کەرەستە ڕاستەقینەکە."

ئینجا ئاماژەی بە قوتوویەکی تر کرد و منیش هەڵم گرت و سەرنجی ناوەوەم دا، بەڵام هیچم تێیدا نەدیت. گوتم: "بەتاڵە" ئەویش وەڵامی دامەوە: "ئەنگووستی خۆتی تێڕاکە." منیش وام کرد و هەستم بە تەڕاتییەک کرد. کە دەستم کێشایەوە، سەرنجم دا پەنجەی شایەتمانم کە نقومی نێو قوتووەکە کردبوو، ون بووبوو. جووڵەیەکم

لێوە هات و لە گرژبوونەوە و خاوبوونەوەی ماسوولکەکانم زانیم من ماددەکەم جوولاندووەتەوە، بەڵام بەرەنگاری بینینم بوو.بە پێی هەموو بینینێک من ئەنگوستێکم نەمابوو و بە هیچ شێوەیەک نەهاتە پێش چاوم، ئینجا کێشامەوە بۆ ژێر ڕووناکی کڵاوڕۆژنەکە و سێبەرەکەیم لەسەر زەوی بە ڕوونی بینی.

(لۆید) پێکەنی، ئینجا گوتی: "ئێستا پەرتی بکە و چاوەکانت دامەخە." فلچەکەم خستە نێو قوتووەکەوە کە بە ڕواڵەت بەتاڵ بوو و یەک جار بەسەر ئەم سەر بۆ ئەو سەری سنگیمدا هێنا. لەگەڵ تێپەڕاندنی فلچەکە، گۆشتی زیندووی خوارەوەی جەستەی بزر بوو. لاقی ڕاستەییم بۆیاغ کرد، ئیدی بوو بە پیاوێکی یەک لاق و بەرەنگاری گشت یاساکانی بە کێشکردنی زەوی (gravity) بووەوە، ئینجا فلچە بە فلچە و ئەندام بە ئەندام، (لۆید)م گەیاندە هیچەوە. ئەزموونێکی تۆقێنەر بوو و خۆشحاڵ بووم کە هیچ شتێکم لە پێش چاو نەما، بێجگە لە چاوە ڕەشە بریقەدارەکانی نەبێت، کە بەبێ هیچ هەڵگرێک بە هەواوە هەڵواسرابوون.

بۆیە گوتی: "بۆ چاوەکانم، گیراوەیەکی پاڵاوتە و بێ زیانم پێیە. پرژێنێکی (سپرێیەکی) ساف و پرژێنەرێک، تیتی تیتی تووتو توتوو! ئینجا نابینرێم!

کە ئەوە بە ڕێکوپێکی ئەنجام درا، گوتی: "ئێستا من لەوێ بۆ وێ دەجوولێمەوە، تۆش لەو ئەزموونەدا چ هەستێکت لا دروست بوو پێم بڵێ." منیش گوتم: "یەکەم، من تۆ نابینم" و گوێم لێی بوو لە نێو بۆشاییدا پڕ بە دڵ پێکەنی. بەردەوام بووم و گوتم: "هەڵبەتە تۆ لە سێبەر ڕزگارت نابێ، خۆ دەبوایە پێشبینی ئەوە بکەی. تۆ لە کاتی تێپەڕبوونت بە نێوان چاوم و شتێکدا، شتەکە ون دەبێت، بەڵام ئەوەی زۆر نائاسایی و ئاڵۆزە ونبوونی شتەکەیە و لێڵبوونی چاوەکانمە. کە تۆ بە خێرایی دەجوولێیتەوە، من لەبەر لێڵییەکەوە هەست بە شڵەژان دەکەم. لێڵییەکە چاوەکانم ئازار دەدات و مێشکم هەراسان دەکات."

ئینجا پرسیاری کرد: "ئاخۆ هیچ هۆشیارکردنەوەیەکی ترت دەربارەی هەبوونم هەیە؟"

منیش گوتم: "نەخێر و بەڵێ. لەو کاتەی کە نزیکی لێم، هەست دەکەم لە نێو کۆگایەکی سارد و شێدار، یان لە نێو ژێرزەمینێکی تاریک و ترسناکی کڵێسایەکدام، یان لە نێو کانەکانی قووڵی بەرد و خەڵووزدام، هەروەها کەشتییەوان ئاسا بە شەوانی تاریک هەست بە تارمایی وشکانی دەکەم، بۆیە پێم وایە هەست بە تارمایی جەستەی تۆ دەکەم، لێ تەرمی تۆ زۆر لێڵ و دەست لێ نەدراوە (غیر ملموس intangible).

دوا بەیانییەکەی لە نێو تاقیگەکەیەوە زۆر قسەمان کرد و کە ڕووم وەرگێڕا بڕۆم، بە دەستە نەبینراوەکەی توند دەستی گرتم و گوتی: "ئێستا جیهانت بۆ داگیر دەکەم!" منیش نەوێرام باسی سەرکەوتنە هاوشێوەکەی (پۆل تیکلۆرن)ی بۆ بکەم.

لە ماڵەوە نووسراوێکی (پۆل)م دۆزییەوە داوای لێ کردبووم بە پەلە بچم بۆ لای. کە بە پایسکل ڕووم کردە ئەوێ، کات ڕێک نیوەڕۆ بوو. (پۆل) لە یاریگەی تێنسەوە بانگی کردم، منیش دابەزیم و چوومە ئەوێ، بەڵام یاریگەکە بەتاڵ بوو. لەو ئانوساتی لەوێ بە زار کراوەییەوە ڕاوەستابووم، تۆپێکی تێنس هات بە قۆڵم کەوت و ئاوڕی ئەم لا و ئەو لام دایەوە، ئەم جارە وزەیەکی تر لەبن گوێمدا ڕەت بوو. من بیرای ببڕ نەمدی چی بوون. بە فڕەفڕ لە بۆشاییدا دەجوولانەوە و بۆم دەهاتن و منیش چاک خۆم بۆیان ڕاگرتبوو، بەڵام کە ئەو تۆپانەی پێم کەوتبوون و بە توندی دووبارە بوونەوە، لە دۆخەکە گەیشتم. کە دەستم دا ڕێکتێکی تێنس و چاوەکانم بە کراوەیی هێشتنەوە، لە پڕ تیشکی پەلکەزێڕینەیەکم بینی، دەردەکەوت و بزر دەبوو و بە تیژی دەکەوتە سەر زەوی. ئیتر وازم هێنا، کە ڕێکتەکەم لەسەر دانا و دوای ئەوەی چەند زەبرێکی توندم لێ وەشاند، دەنگی (پۆل) زرینگایەوە و بە دڵی ڕەنجاو و پەشیمانییەوە گوتی: "بەسە! بەسە! ئای! ئاخ! ڕاوەستە! تۆ وا بە کەیفی خۆت کەوتوویتە سەر پێستی ڕووتم. ئۆو! ئۆو! دەی، دەی، چاک دەبمەوە! چاک دەبمەوە! من تەنیا ویستم تۆ ئەو گۆڕانکارییەی لە لەشی من ڕوودەدات ببینی." بە خەیاڵی خۆم ئەو شوێنی ئازارەکانی خۆی هەڵدەپشافت.

دوای چەند خولەکێک یاری تێنسمان کرد لە بەشە یاریگەکەی مندا کێشەیەک هەبوو، ئەویش شوێنەکەیم نەدەزانی جگە لەو کاتی کە هەموو گۆشەکانی نێوان ئەو و خۆر و مندا هەماهەنگ لە شوێندا هەبوو، ئینجا ئەو ترووسکایەوە و تەنیا لەو دەمدا، بەڵام ترووسکەکان بریقەدارتر بوون لەوەی پەلکەزێڕینەکە سافترین شین و هەستیارترین وەنەوشە و ڕووناکترین زەرد و گشت سێبەرە نێوەندییەکان لەگەڵ ئەڵماسی بریقەدار و چاو کوێرکەر و ڕووناکی هەمەڕەنگ بوون.

بەڵام لە ناوەڕاستی یارییەکەماندا هەستم بە لەرزێکی سەرمای لە ناکاو کرد کە ژێرزەمینە ساردەکە و ترسناکی کلێسەکانی دەهێناوە بیرم، لەرزێکی وا لە هەمان ئەو بەیانیدا تووشم هاتبوو. دوای چرکەیەک، لە نزیک تۆڕەکەوە، تۆپێکم بینی لە هەوادا هەڵگەڕایەوە و لە هەمان کاتدا، لە دوورایی بیست پێیەکدا، (پۆل تیکلۆرن) تیشکێکی پەلکەزێڕینەی لێ هەڵگەڕایەوە. مەزەندە ناکرێت تۆپەکە لەوێوە هەڵگەڕابێتەوە، زانیم و لە هەمان کاتدا ترسام کە (لۆید ئینوود) هاتبێتە دیارمانەوە. بۆ دڵنیایی بوون، بە دوای سێبەردا گەڕام و دەرەنجام دۆزیمەوە، پەڵەیەکی بێ سەروبەر بە پانایی جەستەکەی (خۆر لەسەر سەران بوو) بە درێژی دەجووڵایەوە. هەڕەشەکەیم هاتەوە بیر و دڵنیا بووم کە کێبڕکێی هەموو ئەو ساڵانە خەریک بوو بگاتە لووتکەی و ببێتە شەڕێکی نائاسایی.

بە هاوار (پۆل)م ئاگادار کردەوە و گوێم لە نەڕەی وەک بلێیی ئاژەڵێک بوو، نەڕەی وەڵامدانەوە بوو. پەڵە تاریکەکەم بینی و بە سووکی لە یاریگەکەدا پەڕییەوە و تەقینەوەیەکی بریقەداری ڕووناکی هەمەڕەنگ بە هەمان سووکییەوە بۆی چوو ؛ ئینجا سێبەر و تیشک وێکڕا دەنگی لێدانی نەبینراویان لێ هاتە کایەوە. تۆڕەکە لە پێش چاوە تۆقێنراوەکانم خاو بووەوە و هاتە خوارەوە. بەرەو شەڕکەرەکان بازم دا و هاوارم کرد: "بکەن بۆ خاتری خوا!" بەڵام جەستە داخراوەکانیان زرمەیان لە ئەژنۆم هێنا و کەوتمە خوارەوە.

گوێم لە دەنگی (لۆید ئینوود) بوو لە بۆشاییدا هاواری کرد: "هاوڕێ تۆ لێرە دوورکەوە!"، ئینجا دەنگی (پۆل) هات و گوتی: "ئا، ئێمە لەگەڵتدا ئاشتەواییمان زۆر هەبووە!"

بە دەنگەکانیاندا زانیم لێک جیا بووبوونەوە. نەمتوانی شوێنی (پۆل) دەستنیشان بکەم، بۆیە لە سێبەری (لۆید) نزیک بوومەوە، بەڵام لە لایەکەی ترەوە زەبرێکی زۆر بەهێز بەر شەویلاکم کەوت و گوێم لە (پۆل) بوو قیژاندی: "ها، دوور دەکەوییەوە، یان نا ؟"

ئینجا دووبارە بە یەکەوە، کاریگەری لێکدانیان و ناڵەناڵیان و هەناسەبڕکێیان و تیشک و سێبەرە بزێوەکانیان بە ڕوونی کێشمەکێشە کوشندەکانیانی ڕادەگەیاند.

هاواری یارمەتیم کرد و (گافەر بێدشۆ) بە غار هاتە نێو یاریگەوە. کە نزیک بووەوە، بینیم بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردم، بەڵام لەگەڵ شەڕکەرەکاندا تێکگیر بوون و هەر زوو بە زوو بۆ سەر زەوی سەرەوژێر کرا. لە بێ ئومێدییەوە زیڕاندی: "ئەی خوایە، خواردم بە دەستییانەوە!" هەڵسایەوە سەر پێیان و شێتانە دەرپەڕییە دەرەوەی یاریگەکەوە.

من نەمتوانی هیچ بکەم، بۆیە بێ هێز و پەککەوتووانە دانیشتم و سەیری کێشمەکێشەکەم کرد. خۆری نیوەڕۆ بە تیشکە ئاگرینەکەیەوە پەلی کێشابووە سەر یاریگە ڕووتەکەوە. هەموو ئەوەی توانیم ببینم ئەوانە بوون: پەڵە سێبەرەکە و ترووسکەکانی پەلکەزێڕینەکە و تۆزی پێیە نەبینراوەکان و زەوییە هەڵکۆڵراوەکەی ژێر پێیەکانیان و ئەو پەردە سیمەی کە یەک دوو جار دەپۆقی کاتێک کە جەستەکانیان دەکەوتنە سەری.ئیدی هەر هەندە بوو، ئینجا ڕاوەستان. چیتر تیشکدانەوە نەبوو و سێبەریش درێژ و جێگیر بوو. منیش دەموچاوە کوڕانییەکانم وەبیر هاتنەوە لە کاتێکدا کە لە قووڵایی گۆماوە ساردەکەوە خۆیان بە پنج و گیاکانەوە دەگرت. دوای ساتێک منیان دۆزییەوە. نیمچە زانیارییەک دەربارەی ئەوەی ڕووی دابوو، گەیشتە خزمەتکارەکان و ئەوانیش پێکڕا (تیکلۆرن)یان بەجێ هێشت. (گافەر بێدشۆ) هەرگیز لەو زەبرەی پێی کەوتبوو چاک نەبووبووەوە، ئێستا بە نائومێدییەوە و بەبێ چارە خراوەتە شێتخانەوە. نهێنی ئەو دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرانە بە یەکەوە لەگەڵ (پۆل) و (لۆید) مردن، چونکە هەردوو تاقیگەکان لە لایەن خزمانی نەگبەت خواردوو ڕووخێنران، هەرچی منم چیتر بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کیمیاگەری نادەم و ئیتر زانست لە ماڵەکەماندا بابەتێکی ناڕەوایە. ئێستا من بۆ لای گوڵەکانم گەڕاومەتەوە. ڕەنگەکانی سروشت بەسمانە.

**سەرچاوە:**

**کتێبی:**

**Science Fiction Stories**

**Macmillan Literature Collections**